


# لە بارەی یاداشت و بیرەوەری نووسینەوە

ئازاد عەبدولواحید

* زۆرن ئەوانەی لەمەولا و ئەو لا، دەیانناسم و نایانناسم، ناو بەناو پێم دەڵێن: بۆچی بیرەوەرییەکانی خۆت نانووسیتەوە؟ دیارە هەموو ئەوانە لە ڕووی خۆشەویستی و دڵسۆزییەوە ئەو داوایەم لێ دەکەن، دڵنیام لە پەرۆشی و خەمخۆری خۆیانەوە بۆ مێژوو و ئەدەبیاتی کوردی، مەبەستیانە تا زووە و لە ژیاندا ماوین، یان تا یادەوەریمان گەش و زیندووە و وردەکاریی بەسەرهات و ڕووداوەکانمان لەبیرە، یاداشتی خۆمان بنووسینەوە، نەوەک پێرانەگەین و بیرەوەرییەکانمان کاڵ ببنەوە، یان فریا نەکەوین هیچیان لێ بنووسینەوە.

* جارێ بۆ نووسینەوەی بیرەوەری، یان بۆ نووسینی هەر وشەیەک کە نووسەر دەینووسێ و پێش ئەوەی وشەیەکی لێ بخاتە سەر کاغەز، دەبێ (ڕاستگۆیی) بکاتە قیبلەنمای پەیامەکانی، چونکە ئەرکی داڕشتنەوەی ویژدان و جیهانبینی و چێژی خوێنەران و تاکەکانی کۆمەڵی لە ئەستۆیە، ئەوجا نووسەر بێجگە لە ڕاستگۆیی لەگەڵ خۆی و وشەکانی و ئەو دەوروبەرەی هەڵسوکەوتی تێدا دەکات، چی دیکەی هەیە شانازی پێوە بکات؟

* بێگومان بیرەوەری گێڕانەوە بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی گەورەیە، کەسێک زیاتر لە نیو سەدە لەناو ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی و هونەری و سیاسیدا ژیا بێ، دەبێ یان هیچ نەنووسێ، یان کە نووسی پێ بە جەرگی خۆیدا بنێ و زۆر ڕاشکاوانە و بوێرانە بنووسێ و ڕاستییەکان وەک خۆی بدرکێنێ. نابێ لە نووسیندا خاتری هیچ کەس و لایەن و گرووپێک بگرێ و بکەوێتە لاوانەوەیان، پەیڕەوکردنی ڕاستگۆیی لە نووسیندا بە گشتی و لە بیرەوەری نووسینەوەدا بەتایبەتی، ئەمڕۆکە لە کوردەواری باجی زۆر قورسی دەوێ، ئەگەر خۆشم دەرەوەستی ئەو باجە قورسە نەبم، ئەوە گومانم نییە بەو هۆیەوە کەسە نزیکەکانم، دەوروبەرم لە ئازاردان و گەمارۆ بە دوور نابن.

* لەگەڵ ئەوەش دەبێ وردە وردە، تا ئەو ڕۆژەی دەست لە ئیشوکاری ئێستام هەڵدەگرم، هەندێ بیرەوەری خۆم کە ئاسایین و زەرەریان بۆ پەزەکان نییە بنووسمەوە، دواتر بچمە سەر گێڕانەوەی بەسەرهات و ڕووداوە گەرمەکان و بێ منەتانە باسیان لێوە بکەم، هەرچەندە ئەوانەی نووسین و چاوپێکەوتنەکانم لەگەڵ نووسەران و هونەرمەندان دەخوێننەوە، ئاگایان لەوەیە چۆن لە دووتوێی ئەو گفتوگۆیانەدا، زۆر بیرەوەری و زانیاری خۆم تێئاخنیون و تێهەڵکێشم کردوون، لەبەر ئەوەی وەک گەواهیدەرێک، لە کەسەکان و ڕووداوەکانەوە نزیک بووم، یان لە کاتی خۆیدا لە وردەکارییەکانم کۆڵیوەتەوە و زانیاریم لە بارەیانەوە کۆکردووەتەوە و لەلام بوونەتە بەشێک لە حەقیقەت و لە یادەوەریمدا چەسپیون.

* لە نووسینەوەی یادەوەریدا ئەوە گرنگ نییە بۆ سەرنجراکێشان بە چ شێوازێک دەینووسی، بە نەفەسی هونەری گێڕانەوەی چیرۆک و ڕۆمان دایدەڕێژی، یان تەنیا لە گێڕانەوەکەی خۆتدا ئەوەت بەلاوە گرنگە ئەو حەقیقەتانە بخەیتەڕوو کە خوێنەر ڕادەگرن و سەرسامیان دەکات، نابێ بە شێوەی ئەوانە یادەوەرییەکانت بڕازێنیتەوە و عەتر و گوڵاوی بەسەردا بپەرژێنی کە بە درۆودەلەسە خەڵکی ئازار دەدەن، بەڵکوو دەبێ بە درکاندنی (حەقیقەت) و ڕاستیی ڕووداوەکان شەرمەزاریان بکەی.